Halabja centre
Against Anfalization
and
Genocide of the Kurd
C.H.A.K
www.chak.info

ناوەندی هەلەبجە
دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی
كورد چاك
Chak_kurdistan@yahoo.com

ژمارەو بەرواری تۆماركردن لە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەنیو هاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان ( 4 Aug 2004 / No, 129 )

---

# بانگەوازی ناوەندی چاك ـ كوردستان بۆ گشت پارێزەرو یاساناسانی جیهانو كوردستان

بابةت/ دؤسيةى ئةنفال لة دادطايى تاوانبارانى عيَراق.

**ناوەندی چاك لە كوردستانو دەرەوەی وڵات هەوڵی زۆریداوە, لە پێناو :**

- **دادگایی تاوانبارانی ئەنفال و كیمیابارانكردنی خاكو گەلی كوردستان.**
- **قەرەبوكردنەوەی خێزانو كەسوكاری قوربانیانو باشتركردنی گوزەرانیان.**
- **دۆزینەوەی چارەنوسی ئەنفالكراوەكانو هێنانەوەی گۆڕە بە كۆمەڵەكان.**
- **بە فەرمی ناسینی جینۆسایدكردنی بەشێك لەگەلی كورد لەعێراقدا.**

چاك بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە, توانیویەتی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی وەك رێكخراوەیەكی ئینتەرناشیونال سەرنجی رەوەندی كوردی راكێشیێو نێوەندەكانی هەندەران رابكێشێتە مەیدانی چالاكی جەماوەری , هەروا لە كاری پێكەوەییدا, خزمەت بە پرسی ئەنفال, كیمیاباران و پێشێلكارییە گەورەكانی دژ بە گەلی كورد ، ئەمجار بۆ ناساندنی رای گشتی نێونەتەوەیی بە دۆسیەی جینۆسایدكردنی گەلەكەمانو پەیداكردنی دۆستایەتیو پشتیوانی پەیداكردن, هەولیداوە.

بۆئەم ئەركە گرنگانەش پەنای بردۆتە بەر یاساو دادگا سەربەخۆكانی دەرەوەی وڵات ، دیارترینیشیان ، سەركەوتن و بردنەوەی دادگای هۆڵندابوو, كە تیایدا دادگا بریاری سزادانی فرانس ڤان ئەنراتی هۆلندی بە 15ساڵ زیندانیو بەفەرمی ناسینی جینۆسایدكردنی گەلی كوردی راگەیاند.

هەروا بە ئەندامبوونی ناوەندی (چاك)یش لە چەند رێكخراوو سەنتەری نیشتمانیو نێونەتەوەییدا, وێڕای ئەوەی بەرهەمی ئەوهەوڵە مەدەنیانەن , لەهەمانكاتدا دەسكەوتی پڕ بایەخیشن بۆ بەجیهانی كردنی جینۆسایدكرنی كورد و پرسی چارەنوسی گەلی زوڵملێكراومان .

لەسەر ئاستی كوردستانیش , هەرچەند هەفتەیەك لە دوای روخانی رژێمی دیكتاتۆری ، ناوەندی هەڵەبجە ( چاك ـ كوردستان) بە بەشداری ژمارەیەكی زۆر لە خێزانو كەسوكاری قوربانیانی ئەنفالكراو هەماهەنگی ناوەند و رێكخراوەكان و كەسانی روناكبیری دڵسۆزەوە, چاك یەكەمین ناوەندی كوردی بوو كە لە بەرواری 2003/5/8 لە شەقامی فیردۆسی پایتەختی روخاوی( بەغداد)دا, خۆپیشاندانێكی بە دیمەنی هونەریو جەماوەری سازداو داوای دۆزینەوەی چارەنوسی ئەنفالكراوەكانو دادگایی تاوانبارانی كرد, دواتریش بانگێشەی هەڵمەتی دادگایی تاوانبارانی كرد, لەو پێناوە كۆششی زۆری كردووە .

دوابەدوای دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەكان لەعێراقیشدا, ناوەندی چاك ـ هاوكاری دادگای كردووەو ئێستاش وێرای هاوكاری كردنی یەكەمین رێكخراو دەبێت, لە كەموكورییەكانی دادگاكە دێتە دەنگ و ڕەخنەی لێدەگرێت ، ئەمە جگە لە چەندین كاری مەیدانی، هەروەها داوامان لە پارێزەران و یاساناسانی كوردستان و عێراق و جیهان كردووە, كەوا ئامادەبن لە دادگاكە، بۆ هێنانە پێشەوەی دۆسیەی دادگاییكردنی تاوانبارانی ئەنفال , كیمیابارانو كۆمەڵكوژی گەلی كوردو گەلانی عێراق دەستوبرد بكەن.

هەر لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەدا, دوای هەوڵێكی زۆر توانرا یەكەمین تۆڕی رێكخراوو كۆمەڵەكانی ئەنفال و كیمیاباران بە نێوی فدراسیۆنی داكۆكی لە گەلی كوردستان ( فدك ) پێكبهێنرێ, ئەگەر ئەو فیدراسیۆنە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ بكرابایە , دەیتوانی وەك دامەزراوەیەكی كۆمەڵگای مەدەنی لە پڕۆسێسی دادگایی تاوانبارانی جینۆسایدكردنی گەلی كورد رۆڵێكی باش ببینێو لە كەموكورییەكانی كەمتربكاتەوە.

ئێستاش داوا لەفیدراسیونی رایكخراوەكان دەكەین , بێنە پێشەوەو بەهەماهەنگی بەشداری لە پێشخستنو سەركەوتنی دادگاكە بكەن، لە نا عەدالەتییەكانی بێدەنگ نەبن ، یارمەتی شایەدحاڵەكان بدەن و بۆ پێكهێنانی تیمێكی شارەزاو لێهاتو هەوڵبدەن، بۆ دادگاییكردنی تاوانبارانی شەرو تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتی و كۆمەڵكوژی بكەونە كار ، دەستەی داكۆكی كار بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزەرانی كوردو بیانی ئامادە بكات.

دەمانەوێت ئەوەش رابگەیەنین، كەوا دۆسێی دادگاییكردنی فرانس ڤان ئەنرات كە دەمێكە لەلایەن ناوەندی چاكەوە پێشكەش بە (دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق) كراوە، لێرەوە داوا لەدادگای باڵای تاوانەكانو پارێزەرانی داكۆكی كار دەكەین، بگەرێنەوە سەر ئەو دۆسێیە، چونكە دڵنیاین كەوا خزمەت بە رێرەوی دادگاكەو قوربانیانو شایەتحاڵ وسكاڵاكەرەكانیش دەكات.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی كە هەڵویستی خۆبەخشانەی پارێزەرانی كوردو شایەدحاڵەكان بەرز دەنرخێنی ن, لە هەمان كاتدا, بە ئەركی سەرشانی خۆمانی دەزانین كە لە راستكردنەوەی رەوتی راستو دروستی شێوازی دادگاییكردنەكەدا چاودێربینو بە قازانجی پرسی خێزانو كەسوكاری قوربانییەكانو سەلماندنی تاوانی جینۆسایدكردنی گەلی كورد لە دۆسێی ئەنفالدا, هەلوێست وەرگرین بۆئەم مەبەستەش داوا لە دامەزراوەو نێوەندە رەسمیەكانی ناوخۆوجیهانو كۆمەڵگای مەدەنی پێكەوە هاوكار و هەماهەنگ بین.

ناوەندی چاك لە كوردستانو لەدەرەوە, داوا لە پارێزەرو یاساناسانی شارەزاو لێهاتوی كوردو گشت نەتەوەكانی دیكە دەكات, كە پرسی ئەنفالو جینۆسایدی گەلی كورد بە پرسی خۆیان بزاننو هەوڵبدەن بە شێوەیەكی عادیلانە بەرێوە بچێ,

دۆسێی تاوانەكانی ئەنفال غەدرێك نییە, تەنها دەرهەق بەگەلی كورد كرابێت ، بەڵكو تاوانێكی گەورەیە بەرانبەر كۆی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە, هەروا بەپێی یاسای نێونەتەوەیش تاوانی جینۆساید تاوانە دژ بە كۆی مرۆڤایەتی و تاوانی ئەنفالیش بەهەموو پێوانەیەكی یاسایی دەچێتە خانەی تاوانەكانی جینۆسایدكردنەوە. بۆیە داوا لە كۆی ئەو وڵاتانەش دەكەین كە پەیماننامەی دژی جینۆسایدكردنیان ئیمزا كردووە بەئەركی خۆیان هەستنو رێز لەو پەیمانە بگرن , هەروا چاودێری رەوشی دادگایكردنەكە بكەنو لەكاتی كەموكورییەكانیدا, بەدەنگ بێن , ئەگەر دادگایەكی لەو چەشنەی عێراق نەتوانێ بێلایەنانەو راشكاوانە لەو تاوانە گەورانەو تاوانی جینۆسایدكردنی گەلێك بكۆڵێتەوە, دیارە لە دادگایەكی نێونەتەوەیی بواری یەكسان بۆ هەموو لایەك دەرەخسێو لێكۆڵینەوەو بەدوادا چونی وردتریش لەمەڕ ئەو تاوانانە ئەنجام دەدرێ.

**CHAK- KURDISTAN Org**

**ناوەندی چاك ـ كوردستان**

**هەولێر 25 / 9 / 2006**